تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی وەاتی تونس دەزرایەوە



دەسەاتدارانی وەاتی تونس لە باکووری ئەفریقا ئەواری ١٨ی چواشممە ی کانوونی یەکەمی 2024 تەرمی بیست کۆچبەری نایاسایی لە کەنارەکانی پارێزگای سفاقس لە ڕۆژهەاتی وەاتەکە و ڕزگارکردنی پێنج کۆچبەری دیکەیان ڕاگەیاند.

بەڕێوبەرایەتی گشتی پاسەوانی نیشتمانی وەاتی تونس لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، کە یەکەکانی هێزی دەریایی ناوچەی پاسەوانی دەریایی لە ناوچەی وەسەت تەرمی 20 کۆچبەری نایاسایان دەزیوەتەوە و هێزەکانی پاسەوانی کەناراوەکانیش توانیویانە 5 کەسی دیکەش ڕزگار بکەن پاش ئەوەی بەلەمەکەیان لە دووری 13 میل دەریایی لە کەناراوەکانی ناوچەی لوزا لە پارێزگای سفاقس نقوم بوو.

بەڕێوبەرایەتی دەریایی ئاماژەی بە بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی گەڕان و پشکنین کرد لەلایەن یەکەکانی دەریایی بە دەزیوەوەی بەسەروشوێنەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ووداوەکەدا، هەروەها جێبەجێکردنی پابەندبوونی خۆی کردەوە بە بەردەوامبوون لە کارکردن بە پاراستنی سنوورە دەریاییەکان و پاراستنی گیانی خەڵکی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.